# کۆماری مەهابادو یادی ساڵانەی پەیوەندییان بە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانەوە نییە؟

ڕەحمان حسین زادە
r_hoseinzadeh@yahoo.com

دووی بەهمەن (دووی ڕێبەندان)ی هەر ساڵێك ڕێکەوتە لەگەڵ ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد کە لە ساڵی 1946 دا لەلایەن حیزبی دیموکرات و قازی محمەدەوە ڕاگەیەندرا. هەموو ساڵێك و ئەمساڵیش بەم بۆنەیەوە حیزبی دیموکرات و هەندێ لە ڕەوتە ناسیونالیستەکان چەند جەژن و مەراسیم بەرپا ئەکەن، پڕوپاگەندەیەکی فراوان بۆ ئەم بۆنەیە وەڕێ ئەخەن و ئەم بۆنەیە بە هی هەموو خەڵکی کوردستان ئەزانن و لە ژێر ناوونیشانی "ڕۆژی گەورەی نەتەوایەتی" دا چاوەڕێی ئەوەن هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئەم ڕۆژە بە هی خۆیان بزانن و یادی بکەنەوە. بەڵام دوور لەو پڕوپاپەگەندە سیاسییە ڕووداوی کۆماری مەهابادو ناوەرۆکی ئەو چییە؟

لە ڕووداوی جەنگی دووەمی جیهانی دا هێزە هاوپەیمانەکان (متفقین: ئینگلیز، ئەمریکاو شوورەوی) لەسەر ئەساسی نیازو مەبەستەکانی خۆیان ئێرانیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوەو لەشکری ئینگلیز لە خوارووی ئێران و لەشکری شوورەوی لە باکووری ئێران نیشتەجێ بوون. حکومەتی ئێران لاواز بوو و لە هەندێ ناوچەدا بۆنموونە لەچەند بەشێك لە باکووری کوردستان و ئازەربایجان بۆشایی دەسەڵات پێك هات. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە جیهانیو ناوچەییەوە و بە پێشنیارو یارمەتی شوورەوی لە ئازەربایجان و لە بەشێك لە کوردستاندا (موکریان) فەرمانڕەوایی کاروباری ناوچەیی بە هێزو شەخصیەتە سیاسییە ناوچەییەکان سپێردرا. لەم ناوەدابوو کە کۆماری مەهاباد لە دووی ڕێبەندانی 1325 (کانوونی دووەمی 1946) دا پێك هات. پێشتر بە بۆنەی پەنجایەمین ساڵرۆژی حیزبی دیموکرات لە ساڵی 1995 دا حسین مراد بیگی و من لە نووسینێکدا بە ناوی (مێژووی 50 ساڵەی حیزبی دیموکرات) بە دوورو درێژتر هەمان دەورانی ڕاگەیاندنی کۆماری مەهابادمان لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە شی کردەوە. مەبەستی من لێرەدا دووبارە بوونەوەی ئەم شیکردنەوە نییە، بەڵکو لە کاتێکدا کە چەند ڕۆژ زیاتری نەماوە بۆ دووی ڕێبەندان و حیزبی دیموکرات و ناسیونالیزمی کورد پەنجاو شەشەمین ساڵرۆژی ئەم ڕووداوە جەژن ئەگرن، ئەمەوێ لەسەر ئەم ڕاستییە جەخت بکەمەوە کە کۆماری مەهاباد، ڕاگەیاندنی فەرمانڕەوایی چینە داراو چەوسێنەرەکانی کوردستان بوو وە بە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانەوە پەیوەندی نەبوو و ئەمە نەك تەنها ئیدعای منە بەڵکو زۆرێك لە لێکۆڵەرەوە ناسیونالیستەکانی لایەنگری ئەم ڕووداوەش و لە گەڵیاندا ڕابەرانی حیزبی دیموکراتیش دان بەمەدا ئەنێن.

## کۆماری مەهاباد لەزمانی ڕابەرانی حیزبی دیموکراتەوە

عبد الرحمن قاسملو لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "چل ساڵ خەبات لە ڕێگای ئازادی دا" لە بارەی دەورانی سەرەتایی ژیانی حیزبی دیموکرات و سەردەمی ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد بەم شێوەیە ئەڵێت "بێ گومان پێکهاتی ڕابەری حیزبی دیموکرات و کادرەکانی کە لەسەر ئەساسی کۆمەڵەی ژ. ك دیاری کرابوون، ڕێگەی نەئەدا کە خواستی شۆڕشگێڕانەو ڕادیکاڵ بە

قازانجی زەحمەتکێشان لە بەرنامەکەیدا بگونجێنێت. بە پێی ئامارێك کە هەیە زیاتر لە نیوەی ئەندام و ڕابەری حیزب یا کۆمیتەی ناوەندی خاوەنی زەوی و زار بوون. خاوەنانی زەوی زاری گەورەش لە ناویاندا هەبوو، ئەوانی تر کارمەند و ڕووناکبیرو یان بە واتایەکی تر ووردە بورژوازی شار بوون. بێگومان چاوەڕێ بوون لە خاوەنانی زەوی و زار کە بەرنامەی شۆڕشگێڕانە بە قازانجی جووتیاران دابڕێژێ، چاوەڕوانییەکی بێ هوودەیە".

مستەفا هیجری لە ئەندامانی ڕابەری حیزبی دیموکرات لە ووتارێکیدا بە بۆنەی پەنجاهەمین سالڕۆژی کۆماری مەهاباد ئەم بابەتە بەم جۆرە پاساو ئەکات. "ئەڵێن پێکهاتی کۆمەلایەتی کۆماری کوردستان خاوەنی پێکهاتی عەشیرەتی بوو. ئەم بۆچوونە ڕاستە، بەلام ئایا لەو کاتەدا لە کۆمەڵگای کوردستاندا بێجگە لە پێکهاتی عەشیرەتی پێکهاتێکی تر بوونی هەبوو؟ کۆماری کوردستان تەنها ئەیتوانی لە پێکهاتی عەشیرەتییەوە سەردەربهێنێ. (بلاوکراوەی کوردستان–ژمارە 230– لاپەڕەی 9).

لە وەلامی پرسیاری مستەفا هیجری دا ئەبێت بلێین: بەلێ پێکهاتێکی تر کە زۆربەی جووتیاران و خەلکی زەحمەتکێش بوو، وجوودی هەبوو، کە ڕووبەڕووی ستەمی ئەو خان و خاوەنانی زەوی و زارو فیئۆدالانە ئەبوونەوە کە بە ووتەی عبد الرحمان قاسملو زیاتر لە نیوەی ڕابەری حیزبی دیموکراتیان پێك ئەهێنا. لەوانەیە هەر لە وەلامی ئەم جۆرە پرسیارانە دا بووبێ کە قاسملو لە کتێبی "کوردستان و کورد" دا کە نزیکەی 46 سالٚ لەمەو پێش بەناوی پرۆژەی لێکۆلینەوە نووسی و ئەو کات کە هێشتا لە پلەی سکرتێری گشتی دا نەبوو و بەرژەوەندی حیزبی ڕێگری بەیانکردنی هەندێ ڕاستی نەببوون، ئەنووسێت "جووتیاران هەشتا لە صەدی کۆمەلی کوردستانیان پێك ئەهێناو کۆماری مەهاباد هیچ شیعارێکی ئەوتۆی بە قازانجی ئەوان نەهێنایە گۆڕێ. (کوردستان و کورد، لاپەڕەی 97).

بە بۆچوونی من پێویست بە بەلگە هێنانەوەی زیاتر ناکات. ئەوەی کە کۆماری مەهاباد حکومەتی فیوّدالەکان، خانەکان و ئەشراف زادەکان و بە مانایەکی تر حاکمیەتی چینی چەوسێنەری کوردستان بوو لەژێر چەتری "بەدەست هێنانی مافی میللی و کوردایەتی"، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر شتێکی قبوولٚ کراوە. وە نەك تەنها ئەمڕۆ بەلکو هەمان سەردەمی کۆماری مەهاباد، بۆ لەسەدا هەشتای جووتیاران و خەلکی ژێر ستەمی فیوّدالەکان مەعلووم بوو کە حیزبی دیموکرات و کۆماری مەهاباد بە ڕیزی چینایەتی دژی ئەوان پەیوەستەو ئەم مەسەلەیە لە شیعرو نووسینی هەندێ نووسەران و شاعیراندا کە بە پێچەوانەی "هەژارو هێمن" کە شاعیری بارەگای حیزبی دیموکرات و قازی محمد بوون بە ڕۆشنی ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە شاعیرێك بە ناوی "خالەمین" لە بەیتێکدا لە شیعرێکی بەرزی خۆیدا بەم جۆرە ئەلێت،

دەزانی ئەم کەڕەتەش مامە کوردە خۆی خڕ کرد

لە جیبی میللەتی بێچارە کیسەکەی پڕ کـــــــــــرد

ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەمان دەوراندا جووتیاران و خەلکی زەحمەتکێش ڕیزێکی چینایەتی جیاوازیان لە بەرامبەر فیوّدالەکان و سەرۆك عەشیرەتەکاندا ڕێك ئەخست و چەندین جار ناڕەزایەتی و خەباتی بەهێزیان لە دژی زولم و زۆری فیوّدالەکان ڕێك ئەخست. بۆ نموونە ئەتوانین بۆ ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان پەنجە ڕابکێشین. جووتیارانی ناوچەی موکریان و دەوروبەری بۆکان ڕێك بە ماوەی 6–7 سالٚ دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و کۆماری مەهاباد، واتە لە سالی 1952ی میلادی دا ڕاپەڕینی جەماوەری حەقخوازانەیان دژی جەورو ستەمی خانەکان، فیۆدالەکان و سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە وەڕێ خست و بۆماوەیەك دەسەلاتیان لەدەست دەرهێنان. ئەم بزووتنەوە لە دژی هەر ئەوانە بوو کە چەند سالٚ پێشتر لە پێکهاتنی ئەصلی حیزبی دیموکرات و کۆماری مەهاباددا بوونیان هەبوو.

لە ئەنجامدا دامەزراندی کۆماری مەهابادو یادکردنەوەی سالانەی ئەو ڕێزلێگرتنی هەولە سیاسی و عەمەلیەکانی چینە داراکانە بۆ دەسەلات گرتنە دەست و بەدەستهێنانی بەشی خۆیان لە دەسەلاتی سیاسی لە ژێر پەردەی "بەدەست هێنانی مافی

میللی" دا. ناسیونالیزمی کوردو حیزبی دیموکرات وەکو حیزبی چینە چەوسێنەرەکانی دوێنێو ئەمڕۆی کوردستان سروشتییە کە لە مێژووی ڕابووردوی خۆیان و لە کۆماری مەهاباد و قازی محمد "ئەفسانەو قارەمان" دروست بکەن، بەڵام ئەم مێژوو و ئەم یادکردنەوانە لە ڕیزی بەرامبەردا هەوڵ و تێکۆشانی سیاسیو خەباتکارانەی زەحمەتکێشان لە کوردستان بووە بۆ هەڵپێچانی هەر جۆرە ستەم و هەڵاواردنێك لەگەڵ ئەوانەدا ستەمی میللی، بەم دەلیلانە کۆماری مەهابادو یادکرنەوەکانی پەیوەندییان بە خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانەوە نییە. لەبەرامبەر ئەوەدا ئەمڕۆ کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و هەموو ئازادیخوازان لە کوردستاندا مێژوو و ڕابووردوو و یادکرنەوەی بەنرخیان لە خەباتی ڕەوای خۆیان هەیە، کە بە یادکرنەوە و ڕێزلێگرتنی ئەوانە، ڕیزی خەباتکارانەی خۆیان بەهێزو توندو تۆڵ ئەکەن.

جێگای خۆیەتی کە باسی ئەوە بکەم لە بەرامبەر ئەم باسەدا، چەندین جار بەم مەسەلەیە ڕووبەڕوو بوومەتەوە کە دەڵێن: "سەرەڕای ماهیەتی چینایەتی، کۆماری مەهاباد هەوڵێك بوو بۆ بەدەست هێنانی مافی میللی و بەم مانایە کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی و حەل کردنی کێشەیەکی سیاسی لە کوردستان بووەو لە ئاکامدا جێگەی پشتیوانی لێکردنە". بە بۆچوونی من کۆماری مەهابادو ئامانج و خاڵێك کە بەدوایەوە بوو ئاکامەکەی لابردنی ستەمی میللی و کۆتایی هێنان بەم کێشەیە نەبوو. حیزبی دیموکرات و کۆمارە ڕاگەیاندراوەکەی خوازیاری خودموختاری بوو. مانای عەمەلی ئەوە، بەدەست هێنانی هێزی ناوچەییو لەم ڕێگایەوە شەریك بوون لە قودرەتی سیاسی دا لەگەڵ چینی دەسەڵاتدار و ڕژێمی پاشایەتی بوو. ئەمەش نەك تەنها کۆتایی هێنان بە دەستە بەندی میللی و زامن کردنی یەکسانی هەموو هاووڵاتییانی کۆمەڵ نەبوو، بەڵکو بەمانای بەدەست هێنانی جێگەو ڕێگەی "کەمایەتی نەتەوەیی" لەبەرامبەر "زۆرایەتی نەتەوەیی" و بە بەیانێکی تر تەبدیل بوون بە هاووڵاتی دەرەجە دووەم بوو لە کۆمەڵگای ئێرانداو مەشروعیەت دان بە هەڵاواردن و سووکایەتی میللی لەژێر ناوونیشانی "میللەتی پلە دوو" دا. کۆماری مەهابادو ڕابەرەکەی قازی محمد بەم ئامانجە بەرتەسکەی خۆشی نەگەیشت و بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی ئێستا بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی داهێنەری بەرەنگاری و خەباتێکی بەرچاویش نەبوو لە بەرامبەر ڕژێمی کۆنەپەرستی پاشایەتیدا. ووتم لە ئەنجامی ئەوزاعی نێودەوڵەتی ئەوکاتەداو بە نیشاندانی چرای سەوزو پشتیوانی شوورەوی، ئەم جۆرە فەرمانڕەواییە ناوچەییە شکڵی گرت و دوای یانزە مانگ لەگەڵ بڕینی پشتیوانی شوورەوی و لە کاتێکدا کە ڕژێمی کۆنەپەرستی ناوەندی خاوەنی هێزو تواناییەکی زۆریش نەبوو، لەگەڵ یەکەمین نیشانەکانی مەبەستی گەڕانەوەی سوپای سەرکوتگەری سەڵتەنەتی، قازی محمدو هاوڕێکانی لە دێسامبەری 1947 دا بە پێشوازی سەرتیپ همایونی (فەرماندەی هێزە نێردراوەکانی شا بۆ کوردستان) ڕۆیشتن بۆ میاندواو لەشکریان تا شاری مەهاباد لەگەڵ خۆیان هێنا. قاسملو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە ڕێگەی ئازادی دا" لە لاپەڕەی 116 دا نووسیویەتی قازی محمد دووچاری هەڵەیەکی مێژوویی بوو. ڕۆژی 25ی ئازەر 1325 بە هاوڕێیەتی حاجی بابا شێخ سەرۆك وەزیری کۆماری مەهاباد و سەیفی قازی یەکێك لە وەزیرەکانی حکومەت بۆ پێشوازی سەرتیپ هومایونی چوونە میاندواوو لە شوێنێکی تردا هەر لە هەمان کتێبدا ئەم کردەوەیە بە "ئاشبەتاڵ" ناو دەبات.

ناسیونالیزمی کوردو حیزبی دیموکرات بە دوای ئامانجی تایبەتی خۆیاندا لە ڕووداوی کۆماری مەهاباد "ئەفسانە" یەکیان درووست کردووە. کە حەقیقەتی نییە. هەر ئەم لێکۆڵینەوە کورتەیە نیشانی ئەدات، خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستاندا زیاتر لەجاران پێویستە تەپوو تۆزی ئەم پڕوپاگەندەیە وەلابنێن و ڕاستی مەسەلەکە چۆنە بیزانن و بە بەهێز کردنی ڕیزی هووشیاری خۆیان لە دەوری ئازادی و یەکسانی و کۆمۆنیزم کۆببنەوەو، ئێستاو ڕابووردووی ناسیونالیزم و مێژووەکەی بخەنە کەنارەوە.